وەزارەتـی نـــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ٩٧٥
ڕێکەوت : ٢ / ٣ / ٢٠٢٢

---

بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.4- 2022) تەندەری پرۆژەی

## ( گەیاندنی کارەبا بۆ گوندی سەرکەلی عەزیز )

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســـەرجەم بەلێنـــدەر و کۆمپانیاکـــان دەکەیـــنەوە کە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیە ، کە ئامادەکراوە لە لایەن ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان) ، لە سەر بودجەی ئاسایی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کەلار خەرج دەکرێت، هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( ٧٥ ) حەفتا وبێنج ڕۆژ.

• ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
• وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( پێنج شەممە٣/ ٣ /٢٠٢٢ )ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (پێنج شەممە ٢٤ / ٣ / ٢٠٢٢) کاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا ( ١١:٠٠ ) ی نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە (٤٦،٠٠٠ ) چل وشەش هەزار دینار دەبێت کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
• دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ( یەک شەممە ٢٧ / ٣ / ٢٠٢٢ ) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ دەبێت وە ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر ( ١١:١٥ )ی پێش نیوەڕۆ دەبێت وە لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
• ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری سەیری بەڵگەکانی تەندەرەکە بکات.
• بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان / ب. گرێبەستەکان بکات .
• مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ٢ تا ١٠ ) بێت وە پسپۆربن لەو بوارەدا یان کاری هاوشێوەیان ئەنجامدابێت وە پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر (التعهد الخطي الضامن) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەکانی تەندەر هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت وە پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەت ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەر دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاسایی نیە .

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی نوێی ساڵی (٢٠٢٢) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵ بوەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**رامیار عبدالرحمن احمد**

**ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان**